# ساو

ده ڕابن ئەی گەلەکەم ئامان
بڵندگۆی عێراقچێتیی " ی.ن.ک" و " پ.د.ک"
ئیمڕۆ نەشکێنن
سەد ساڵی تریش هەر ملکەچ ئەبێت خاکی کوردستان،



دێم لە پەنجەرەی تەنیاییت ئەدەم
دێم لەسەر ڕێگات چرایەک
بۆ بوونت هەڵئەکەم،
ئەی کوردستانە زامدارەکەم
دێم لە باخەکەی ماڵی دێوانە دا گوڵێک ئەچنم
لە دەیدەنتا لە پەرچەم و قژی ئەوینتی ئەدەم،
دێمەوە دوای دەیان ساڵ
ئەچمەوە باوەشی بەرهەیوانی ماڵ
دوای دەیان ساڵ
ئەبمەوە بە گوڵ ئەستێرەی
سنگ و بەرۆکی خەزاڵ،
پاییزێک لە بێشەی گەڵای سەرری دا
ئەوینێک لە باوەشی هەمیشە بەهار دا،

دیمەوە بۆ خەڵوەتگای ئەم گڵ و ئاوە
بۆ لاپەڕەکانی مێژووی ئەم کوردستانە حەپەساوە،
بۆ لای تەوقەی دەستە زبر و ئەستوورەکانی جوتیاری دێ
بۆ لای خەمە مرداربۆوەکانی نوگرە سەلمان
ئەو کاتانەی لاشەیان دەرخواردی سەگ و درنجەکانی
بەعس ئەدرێ،
دوای دەیان ساڵ بمبە لە گۆمی خەمی مەنگی
ڕەحیماوا و جەبارییم هەڵکێشە
بمبە و چاوەکانم بە کلی گریەی سەدانساڵەی
مەندەلی و شەنگار بۆ بڕێژە،
ئێستانێ هاوارێکم خەزان ئاسا وەریوو وەریوو
لە دەرکەلاّنی ساڵەوە
وەک خەمەکانی شێرکۆ و ڕەشەباکەی سلێمانیی
گڤەیەکم تەزیوو تەزیوو،
بمبە و بمکەرە نێو هۆرەی مەریوانەوە
بمخەرە سەرسینەی خەمەکانی سەقز و
لە سنە دا دەستەملانێی درەختە خوێناوییەکانی
شارم بکەرەوە،
دەسا دەی توو چاوانت
توو ئەگریجە ئاڵۆزکاوەکەی مێژووی
ژیانت،
توو هەنسکی ئەو ڕۆژانەی سەقز لە دەروونتا
هەورێکە مەنگ
توو تنۆکی ئەو ئەشکانەی لە چاوانتا
خۆرهەلاّتت ماکەوێکی جەرگ سووتاوە و
دڵتەنگ،
لە گازەڵیی ئەم وەرزە دا
ئەو کاتانەی جادە و کۆلاّنەکانی ولاّت
فەرشێکی ڕاخراو و ڕازەوەیە زەرد و سوور
لە بەرئاوێنەی خۆر دا
بەستەی بۆ ئەچرن دڵداران
نزیک و دوور،

تۆ بمکە بە گوڵ ئێخەی خەمەکانی شار
ئەو کاتەی هەنگاوەکانی شێرکۆم
بەرەو هەولێر ئەدرێن لە دار،

*

لە دەمانی نەشتەرە ساڵدا
لە سەردەمانی تیغی بە هەسانی شۆڤێنییەت
تیژکراو دا،
بەرخی نێر بووین
بە ڕێچکەی ڕووباری خوێندا تێدەپەڕین
لە بەردەمی کۆشکی فاشستا
بۆ سەر بڕین ڕیز کرابووین،
کورد بووین
لە نەهاتە ساڵی مێژوو دا
بە تەنافی غەدری گەردوونەوە هەڵواسرابووین،
لە دەمانی زەردەواڵەی بەعسییان دا
گفتی خاک بووین
لە زاری خەبات ئەهاتینەدەر
بۆ ئەوینی ئەم گڵ و ئاوە
لە شەقام و کۆڵانەکانی وڵات
ئەبووین دەربەدەر،
بە هەڵەمووتی شاخی شۆڕشەوە
گوڵاڵەسوورەی خوێنمان ئەپشکتوو
فەرهاد بووین کێوی بێستوونی ئەوینی خاکمان دادەتاشی
بۆ هەلهەلەی ئەم شاییە
لە جەهەننەمی دەمانی بەعس دا
چاوی هەڵۆیەکت نەدەبینی نووستوو،
بەڵام ئێوە:
ئەی سێبەری داڵەکەرخۆرانی بەعس
ئەی شەللاقانی دەستی جەللادی غەدر و
نەوانی شۆڕشی نوێ و
کورتەبنەکانی دوای خەمی هەرەس،

www.kurdistannet.org

دەیان ساڵ بوو
چڵەنێرگزی لوتکەی مێژوو
لە سنگ و بەرۆکی بوونتان درا بوو،
کەچی ئێوە گەرای کوبرا و بێچووی ئەژدەهاکەی بەغداد و
سەگی پەتکراوی کوڕانی عۆجە بوون،
دەیان ساڵ بوو
سرودی زاری نەوەی نوێ و
ئاواتی قووتابخانە و کارگەی شار و
ڕەنجی پاڵە و ڕەنجدەران بوون،
تەنها هیوامان هەر ئێوە بوون
کەچی ئێوەش کەڵبەی گورگی تاوان و
جەللادی بەعس بوون
لە گوڵدانەکەی سەر مێزی سەرانی
دیموکرات و یەکێتی دا
لە پێستی مەڕی شۆڕش دا
حەشار درابوون،
بەعسیی بوون
کلکی تەور
لیکی زاری تیمساح و
خیانەتکاری دەغڵی خاک بوون،
ئەو ڕۆژانە ئەو دەمانە
سەرتان سوێندی زارمان بوو
قووتی دەمی خۆمان و منداڵانمان
تێشووی ژەمی کاروانتان بوو،
گەلێکی پاک و بێگەرد و
ڕووبارێکی تیژڕەوی خوێن بووین
لە ڕەورەوەی چەرخی شووم دا
بە قولاپی فاشیزما هەڵواسرا بووین،
ئەی کوردستانی گەردن شینەوە بووی
کووت کووت کراو
ئەی دایکانی شەهیدانی کاکۆڵ
هەڵپروسکاو،

www.kurdistannet.org

بەم لورەی ئازار و خەمەوە
وەک گڤە و ساواقی ساڵ
گەڵا بە گەڵای شۆڕابەی بەژنی تەزیووم
سەرلەنوێ ئەوەریتەوە،
دەیان ساڵە ڕووباری گریە و ڕۆڕۆیەکین
لە ئەیلول دا
لە هەرەس دا
لە مەشخەڵانی شۆڕشی نوێ و
شکانی پەنجەکانی دەست و پلی مێژووم دا
شەرمەزاری نیشتیمان و هەرزەی ئیمڕۆ و
نەوەی دوارۆژتان کردین،
گەلێکی ژێردەستە و نەبەرد بووین
کەچی ئیمڕۆ بە پەنگی مێژوو و
ڕووڕەشی بەردەم ئۆقیانووسی خوێنی
شەهیدانتان کردین،
ئێستا لەم گێژاوە واق وڕماوەدا
چۆن داسەکنێم؟
لەسەر شانۆی گورگی بەعسییان دا
بە تەنافی گوومانەوە سەنگی خۆم و
وشەبە وشەی هەست و هەڵبەستم
چۆن ڕابگرم؟!
گوومان ئیمڕۆ مۆرانەیە و
لە باڵای درەختی هۆشم بەربووە
کرت کرت کرت کرت
بست بە بستی بیرکردنەوە ئەخوات
کرت کرت کرت کرت
چرایەک لەسەر لاپەڕەکانی گوومانم
هەڵئەکات،
لەم مەملەکەتی سەمەرەیەدا
لەم هەوارگەی پاشاگەردانیی‌یەدا
کام لە ئێوەی بە ویژدان
کەلەپچەی تاوانتان کردە دەستی

www.kurdistannet.org

بەعسمەرگەیەک؟
کام لە ئێوە سەدای دەنگی هەقتان
بە ئاسمانی ئەم خیانەتەدا هەڵبڕی بۆ چرکەیەک؟
بەعس هەر بەعسە
عێراقیی بێت یان سوریی بێت
بۆ گەلی ژێردەستەی کورد
شۆڤێنیزمێکی عەرەبیی سەرسەختە،
عەگال لەسەر بێت یان کڵاو و جامانە بەستوو
چ جیاوازییەکی بۆ کورد هەیە
ئاخر چ جارێک گەرووی خوێنی بەعسییەکتان دیوە
تێر و نووستوو؟
تێکڕای ڕێگاکان تەنراون
سەری کۆڵانەکان و شەقامی شار
بە لیستی ناوی بەعسمەرگە
ڕەشکراون،
چ تاوانێکی خوێڵەمێشیی و
چ گڤەی ڕەشەبایەکی وێرانکەرە
بەم هەموو قیژە و ئازاری ئەنفالەوە
ئەی مانگی خنکاوی هەڵەبجە
ئەم خەمەم بۆ باوەشی وشکهەڵاتووی شارەزوور و
سوێکانی عەرعەر بەرە،
بەرگەی ژانێکی دی وا ناگرین
گەلێکین لە ڕۆمانی ئازار
نەتەوەیەکین تێکەڵ بە  ژانی مێژوو و
دەربەندێکی بە ناڵە و هاوار،
چۆنتان دڵ هات
تەناف بۆ گەردنی قوڵنگی وڵاتم هەڵخەن؟
چۆن بۆتانکرا کەوای بەری ئەم نیشتیمانە بە گۆی مەمک هەڵواسراوە
لەسەر مێزی مەزاد عەلی بەعسییان دا
هەرزان فرۆش بکەن؟
ڕووتان ڕەش بێت
کوردستانم برینێک بوو

www.kurdistannet.org

به ئەژنۆی شکاوی مێژوومەوە
ئێمەی گەلی ژان و برین
لە هەڵەبجەی خنکاو ئەچووین
ئێوەش خوێنی هەڵۆی شار و
بەوری کەژ و کێوتان
لە پێکی دەستی بەعسییان دا ئەخواردەوە،
هەنووکە هەموو تێکڕا پێکێک شەرابی مەراق ئەنۆشین
هەموو پێکڕا زەردەشتێکین
لە پەرستگای ئەم پاتریۆتیەدا
نوێژ بۆ باڵای شەهیدان و
پیرۆزیی هەڵەبجە و ئەنفال ئەکەین،
دەستمان لەسەر هەرمێی دڵمانە و
لەسەر ئەژنۆ داوای لێبووردن
لە مامەیارە شەهیدەکان و
پەڵە خوێنی سەرسینەی مامە ڕیشەکانی
خاک ئەکەین،
بمان بوورن ئەی هەناسە خنکاوەکانی
گۆپتەپە و دێی عەسکەر
بمان بوورن ئەی لاوکە بەژێر خۆڵەوە بووەکانی بادینان و
هەشت هەزار بارزانیی ڕەنجدەر،
بمان بوورن ئەی گەڵا وەریوەکانی سێوسێنان
بمان بوورن ئەی قیژە بە سوێکانی
قەرنا و قەڵاتان،
ئێستاکە ئێمەی تەزیوو
لەم گەڵارێزانی ساڵەدا
وەرزێکی مەنگ و حەپەساوین
هۆشمان فاقەی سەرسوڕمان گرتوویەتی و
لە بەردەم "ساو"ی ئەم خیانەتەدا
گەلێکی شەڵاڵی خوێن و سەربڕاوین،
بەم خەمەوە زەرد زەردم
وەک فەرشی سەرڕێی خەزانی ساڵ
تەزیووم وەک کزەی پاییز و

www.kurdistannet.org

هەنسکەکانی دەروونی خەزاڵ،

*

لەسەرخۆ دڵە لەسەرخۆ
بەسەر فەرشی ئەم ڕۆحەدا پێ هەڵبێنە
بە هێوریی گوڵە بە هێوریی
مژدەی ئەم زەماوەندی ئەوین و ئازادیی‌یە
بە گوێی سوێما بچرپێنە،
مێژوویەکە دارگێلاسی خۆزگەیەک بووین
لە قەدەوە لە ڕەگەوە لە بنەوە
بە مشاری تاوان
گڕ .... گڕ .... گڕ .... گڕ
ئەمانبڕنەوە،
چەند سەدەیە زریکەی کەروێشکێکی کێویین
لەسەر دەمی ساوی فاشست
سەرمان ئەبڕن
فوارەی خوێنی بوونمان ئەخۆنەوە،
چەند سەدەیە چنگی بەور و نەڕەی شێرین
نە دێوی زیندان دایمرکانین
نە درکی مێزەر و عەبا
خۆری ئازادیی لێ ونکردین،
دێمەوە دوای دەیان ساڵ بە کۆڵێ بەستەڵەکی خەمی خاکەوە
یەکەم هەنگاوم لە زاخۆ دا
دواهەمینیشم لە مەندەلی
بە زریکەی ڕووباری خوێنی وڵات
سەرلەنوێ لە خەنە ئەگرمەوە،
لەسەر ڕێگام
ڕێگای بالوز
دوای دەیان ساڵ کە دێمەوە
خەمێکی خۆڵەمێشییم و
هەنسکێکم پڕ بە کروز،
خەمی گریەی ڕۆژانەی دایکم

خەمی مێژووە پڕ دەرزی ژانەکەی
تەمەنی کوێرەوەریی باوکم
ئەو کاتانەی لەسەر چرپا سپییە غەمگینەکەی
دوا هەناسەی تەمەنیدا
وەک گابەردی شاخی خەمێک
ئەنیشێتە سەربڕبڕەی پشتم و
دەفەی شانم،
ئەوەتانێ هەتا ئێستاش کێرد و چەقۆی تاوانی
بەرکەلێنی ڕیزەکانتان
خوێنی سینەی باوکی من و باوکی ئێوە و
هەناوی سووتاو و هەڵپروسکاوی هەڵەبجە و
ئەنفالی پێوەیە،
ئاڵای غەدر و ئاڵای ژەهر و
ئاڵای بەعسی بەسەرەوەیە،
لە گوڵدانی سەرمێزی ئاشتیی دا
درک و سنبوڵ
لە قەدی یەک چۆن دەئاڵێنرێ؟!
لە ئینجانەی بەرهەتاوی سەربەستیی دا
گوڵەمێلاقەی شۆڕش
چۆن لەگەڵ شەخەڵ دا ئەڕوێنرێ؟!
لەم دەڤەرە بە تەمومژەدا
لەبەر پێی خۆم زیاتر چدیکەی تر نابینم
چواردەورم بە تەلی دڕکاویی پلان تەنراوە
میلی تفەنگەکەم بۆ ڕاناکێشرێ
نازانم دۆستمە یان دوژمنە
پێی لە نێو دەرکی خاکم ناوە،
بۆ هەڵکردنی ئاڵایەک ئۆقیانووسێک خوێنمان ڕشت
ئەمێستاش هەموو شەقام و کۆڵانەکانی وڵاتم
پڕ ئاڵایە
بەڵام نازانم لای پەنتاگۆن
ئەو ئاڵایەی سەر پەرلەمانی کورد
ئاڵای خاکە یان هی کەشتیی؟

www.kurdistannet.org

یان هی تیپێکی تۆپی پێ؟
یان تیل و نیشانێکی بۆ ماوەییی
ئەمریکایە،
مێژوویەکە خەمی سەختی ئەم ولاَتە هەلْواسراوەم
کۆلْی قورسی دەفەی شانی ئەم گەلەیە و
لێی ئەچۆڕێ خوێنی گەشی
بەژن و بالاَی تێکشکاوم،
چەند سەدەیە بە خۆلْ ئەکرێ
باشوور و باکووری جەرگ و هەناوم،
چەند سەدەیە هەلْئەکۆلْرێ
گلێنەی چاوەکانی خۆرئاوا و خۆرهەلاَتم
تۆپەکانی" سولْتان سەلیم"ی عوسمانلی بوو
دایان تەپاند قەلاَکانی ماردین و دیاربەکری کەوشەنەی خاکم
ئاگر و شەستەی دۆزەخی" شا سماییلی" یەکەم بوو
بە خۆلْی کرد سەرای میرنشینەکانی مەرعەش و مەلاَتییەی ولاَتم،
نەزانیی و نۆکەریی "مەولانە ئیدریسی بەدلیسیی" بوو
کوردی کردە غولاَمکاری سولْتان و
بە فیرۆی دا ڕەنجی مێژینەی خاکی کوردستانم،
*

بەخێر هاتیت گولْم
بۆ کورەی داگیرساوی ئەم مێژووە و
خەمەکانی مالْی دلْم،
تۆش زریکەی جیهادی حەفتا و نۆی ئێرانت لە هەگبەناوە،
تۆش ئازارە سووتاوەکانی قەڕنا و قەلاَتانت
بە میرات بۆ بەجێماوە،
تۆش ئەو شۆخە پێشمەرگەیەیت لەگەلْ خەمەکانی خاک دا ئەژییت
ئەو سۆلْمازەیت لە دیلانێی برژانگەکانی ولاَت دا
سرودی ئازادیی بۆ مندالاَنی کورد ئەلْێیت،
بەخێرهاتیت گولْم
بۆ بەربانیژەی تەمەنم و
بۆ ژێر ساباتی درەختی هەلْبەست و
بۆ ژێر کەپری پژوپۆ و چلْم،

بەخێرهاتیت ئەی جوان
ئەی شنەی "با"ی شەماڵی سەقز و
ئەی گوڵی باخی کوردستان،
لەم شەمەندەنەفەری ژیانەدا
وێستگە نەما تێیدا دانەبەزم
لە کرێوە و تەزینی ساڵ دا
سەرلەنوێ بە تەنافی جودایی‌یەکدا هەڵنەواسرێم،
بەخێرهاتیت ئەی شۆخی پێشمەرگە
ئەی چاوی ئاواتی ژنان و
ئەی هەستیارەکەی تەمەنێکی پڕ ئەندێشە،
بمبە گوڵم بۆ جادەڕێی خەمەکانی گوڵی شارم
لە سوێی قیژەی ژنێک دا ئازارێک بکە بە میوانم،
بمبە بۆ لای ئەو ژنانەی ئیمڕۆ سۆزانیی‌یان ناوە
ئەو ژنانەی هەگبەی هاوارەکانی خاک و
ئازارەکانی ژیانیان لە کۆڵناوە،
ئێوە ئەی نێرگزەجاڕەکانی وڵاتی خەم و بزە
ئەی ژنانی لەشفرۆشی چاو لە هیوا و
دڵ پڕ لە کزە،
ئەی ژنانی داوێن پڕ ژان
ناخ هەڵقرچاو
مەمک سووتاو
هاوار تەزیوو پڕ بە گەرووی ناهەمواریی و
دڕندەیی ڕۆژگاری ژیان،
ئێوە"با"ی بژێوییی تەپوتل بە مەیدانی لەشفرۆشییدا کردن
ئێوە گریە و سوێی نیوەشەوی ساواکانتان
لەسەر مێزی پیاوی نابووتا
لە بری مەزە یەک لە دووی یەک ڕیزیانکردن،
گوڵ بوون
ئەستەر و یاسەمەن و
شەوبۆی ساڵ بوون،
لە تەنگەبەریی قووتی ساڵ دا
لە کێڵگەی دڕک و داڵی سەردەم نرابوون،

*

ئاسمانێکی خۆڵەمێشیی
کزەیەکی تەزیوو و دڵێکی تەنگ
وەک چرکەکانی لێکدانەوە بێ چرپە و بێدەنگ،
تەنگ وەک هەناسەکانی نیشتیمان
دۆشداماو وەک خۆزگە سووتاوەکانی دایکی شەهیدان،
ئێستا لەم قرچەقرچی جەرگەدا
چاوی کامتان وەک چاوەکانی باشوور
ڕووبارێکی سەرشێت و ماخۆلانگرتووە؟
ئێستا لەم وەرزی کرێوە و بەفرەدا
زاری کامتان وەک زمانی باکوور
شەختەی بە هەڵهێنانەوەوە گرتووە؟
لەم گەردەلولی بیابانەدا
گەرووی کامتان وەک گەرووی خۆرئاوا
لە لمی عروبە دا نقوم بووە؟
دەست و مەچکی کامتان
وەک قۆڵ و مەچەکی خۆرهەڵات
بە کەلەپچەی کۆماری مێزەر و عەباوە قەتیس بووە؟
وڵاتێکم پەرت پەرت
خەمێکم تا سەرئێسقان وشکهەڵهاتوو و  شەکەت شەکەت
برینێکم چەند سەدەیە سوور ئەچمەوە
چەند سەدەیە منی تینوو
فوارەی خوێنی خۆم ئەخۆمەوە،
پێنج سەد ساڵە منی ئازار
منی پەرت پەرتبووی چەوساوە و
خنکاوی دەستی زۆردار،
هەوڵی پسانی پێوەندەکانی دەستم ئەدەم
هەوڵی کێشانەوەی نەخشەی کوژاوەم ئەدەم،
پێنج سەد ساڵە ئۆقیانووسێکیان
لە خوێن پێ دروستکردین
شاخی تاوانێکیان لە کەللەی سەری یەکدی پێ چێکردین،
کەسێک نەبوو چاوێکی بەزەییم پێدا هەڵبهێنێت

ولاتێک نەبوو دەستێکی هانا بە فیچقەی خوێنی مێژوومدا بێنێت،
ئەوە ئێستا دوای پێنج سەد ساڵ
کەرتێک لە برینی پەرتبووم
برینێکی لە خۆدا  دیسانەوە پەرت پەرتبووم
باشوورێکی بە عێراقەوە لکێنراوم
برینێکی هەشتا و چواردانە ساڵ گەوە بە گەوەی شاخکراوم،
سەرلەنوێ لە گالیسکەی عروبە دا ئەڕازێننەوە
سەرلەنوێ چاو و برۆی نیشتیمانی عەرەبیی
بە منی لەتە برین هەڵ ئەگرنەوە،
هەشتا و چوار دانە ساڵە
هەشتا و چوار دانە ڕووباری تیژڕەوی خوێنە
ئەی سەرانی بۆرژوا کلاسیکیی‌یەکانی کورد
ئەگەر دڵۆپێک خوێنی سەرزامەکەی شێخ بێت
یان هی ئارام
برینمان هەر یەک برینە
دەنگی ئێمە دەنگی هەق و
دەنگی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستانە
پەیمانیشمان سەربەخۆییی یەکپارچەییی کوردستان و
دەوڵەتێکی ئازادی کوردانە،
دەسا ڕابن ئەی گەلەکەم دژی نۆکەرایەتیی عێراق
دژی ملکەچیکردن و ژێردەستەیی بوون
دژی وەرزی قەلاچۆ و کۆمارێکی پڕ ساواق،
دژی گەڕانەوەی شەستە و ڕەهێڵەی خوێن و کووشتن و برین
دژی وەرزی تەعریب و سەردابەکانی هەیئەی کەرکوکی سەربڕین،
ئەمە دڵەڕاوکێی دایکان و ئەنفالێکی ترە
ئەمە ئازادیی نییە
ئەمە مەزادی پڕکردنی گیرفانە
هیوایەکی بۆ سەربەخۆییی تێدا نییە،
کامەیە ڕێبازی شەهیدەکانتان؟
کامەیە بەقای هەناوی بە قەقنەس بووی
خاک و خۆڵتان؟
شەهیدەکان بۆ عێراق شەهید نەبوون

خێزانەکان بۆ پڕکردنی گیرفانی برسییتان
هەژار نەبوون،
دە پێم بڵێن:
ئێوە چین بۆ ئەم خاکە؟
چین بۆ ئەنفال؟
چین بۆ نارینەکانی دایکی شەهید؟
ئەی میرنشینەکانی ئۆیرۆ و دۆلار دە پێم بڵێن:
ئێوە چین بۆ هەڵەبجە؟
دەیان ساڵە جگە لە نۆکەرایەتیی عێراق
بە هیچی دیکەی تر ڕانەگەیشتن
کردتانین بە پەنگی مێژوو و
لە شەستە و ڕەهێڵەی خوێنی ساڵ دا
چەترێکتان بۆ سەربەخۆییی بەسەردا ڕانەگرتین،
گەلێکی چەند داما و چەند چەوساوە و
خۆش باوەڕ بووین
دەیان ساڵ بوو ئێوە تەپڵ و زوڕنای عروبەتان ئەژەند
ئێمەش حەلوا و گەزۆی خوێنی ڕۆڵەکانمان تێ ئەگرتن،
گەلێکی تینووی خۆری ئازادیی بووین
مەمکی شەهید بوونمان نا بە لێوەوە
کەچی ئیمڕۆکە دەست و پەنجەمان
لە خەنەی عێراقێکی نوێ هەڵئەسوونەوە،
دە ڕابن ئەی گەلەکەم ئامان
بڵندگۆی عێراقچێتیی " ی.ن.ک" و " پ.د.ک"
ئیمڕۆ نەشکێنن
سەد ساڵی تریش هەر ملکەچ ئەبێت خاکی کوردستان،

*

هۆ گوڵەخان وا دێمەوە باوەشی سووتاوی خاک
وا دێمەوە نێو ئەندێشەکانی خەونی شەهیدان
بۆ نێو سنگەکووتەی دایکی شەهید و
بۆ نێو جیهانی ژێردەستەییی و قیژە و هاوارەکانی ژنان،
دێمەوە نازانم چلۆن شابەزێکی* شار و

سەرانی لایەنێک جوداوەکەم
نازانم بۆ یەکەمجار باوەش بە تۆدا
یان بە خەمەکانی خاک دا بکەم؟!
لەگەڵ خۆمدا نشدارێک* دێنم
تا دەستی شکاوی هەولێر و سلێمانییم
بۆ لە گەچی خاک بگرێتەوە،
لەگەڵ خۆمدا شەرەفخان* دێنم
تا سەرلەنوێ ئەم مێژووەم لە سەدەی بیست و بیست و یەکدا
بۆ بنووسێتەوە،
مێژوویەکە جیاوازیی لەگەڵ سەدەی شانزدەهەمیندا نییە
مێژوویەکە لە ملکەچیی عێراق زیاتر
چدی کەی تری بۆ کورد تێدا نییە،
ئەی پەریخان
ئەی خەمە خۆرهەڵاتیی‌یەکەم
ئەی فرمێسکەکانی چاوی سەقز
ئەی هیوای دوارۆژی ژنانی وڵاتەکەم،
تۆش ئێستا لە باشوور دا باجی ئەم ساوە ئەدەیت
باجی وردە بۆرژوا کلاسیکیی‌یەکانی هەولێر و سلێمانیی ئەدەیت
ساوێکە  سەدان ساڵە لەسەر گەردنی مێژووی ئەکەین
ساوێکە لە هەگبەی باب و باپیرانمان کردۆتەوە و
وەکوو پشتوێن بەسەر کەمەری بوونمانیا ئەدەین،

پۆلا سەعید
12.12.03
ساو:  تیژکراو بە هەسان،
گازەڵ: ڕەنگی سوور و جەرگیی گەڵا کە دەوەرێت پێش ئەوەی زەرد ببێت.
شابەز: بازرگانی گەورەی شار
نشدار: برینگەر، جەراح